بازرگانی: تا ئێستا ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار تەن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە

کەمپانیای گشتی بۆ بازرگانی دانەوێڵەی سەر بە وەزارەتی بازرگانی عێراق دەڵێت، تا ئێستا ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار تەن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ١٨ی ئایاری ٢٠٢٥، حەیدەر نوری، بەڕێوەبەری کەمپانیای گشتی بۆ بازرگانی دانەوێڵە لە عێراق وتی، تا ئێستا بڕی گەنمی وەریگراوی ئەمساڵ گەیشتووەتە ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار تەن.

ئەمەش لە کاتێکدایە، پێشتر وەزارەتی بازرگانی عێراق رایگەیاندبوو، هەموو هەوێکانی خێیان لە سەرجەم پارێزگاکان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی لە وەرزی دروێنەکردنی گەنمدا بەشوێیکی باش پرسەکە بەرەوبەرن.

هاوکات، لە ماوەکانی رابردووش وتبێژی وەزارەتی بازرگانی عێراق بۆ ئەن ئاڵ تی وتبوو، پێشبینی دەکەن ئەمساڵیش بەرهەمی گەنم بگاتە ئاستی خێبژێوی و لە پلاندایە شەش ملیۆن تەن وەربگرن.